وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی دادی دەری دەکات

ژمارە (٢٧٧)ساڵی بیست و یەکەم ٢٠ کانوونی دووەم ٢٠٢٢ ٣٠ بەفرانبار ٢٧٢١ کوردی ١٦جەمادی دووەم١٤٤٣ کۆچی

277

یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٢١ لا ١

یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای بازرگانی عێراقی ژمارە (٣٠)ی ساڵی ١٩٨٤ لە هەرێمی کوردستان

یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٢١ لا ٣

یاسای بەرهەمهێنان و هاوردەکردنی بنەتۆ و شەتڵ، و تۆمارکردن، پەسەندکردن و پارێزگاریکردن لە تەرزە کشتوکاڵییەکان لە هەرێمی کوردستان

یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢١ لا ١٠

یاسای هەمواری یەکەمی یاسای بزربووەکان لە هەڵمەتەکانی لەناوبردنی بەکۆمەڵی گەلی کوردستانی عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٩

ڕێنمایی ژمارە (٩) ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی ناوخۆ لا ١١

ڕێنمایی پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەران و دانانیان لە پایەکان

بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی کارەبا لا ١٩

گۆڕینی نرخی یەکەی کارەبا پۆلی میری

بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی ناوخۆ لا ١٩

درێژکردنەوەی وادەی وەرگرتنی ڤاکسین

بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی ناوخۆ لا ٢٠

هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە ڕێکخستنی کاری کومپانیاکانی (هاوردەکردن و گواستنەوە و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل) و پێشانگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل

بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی داد لا ٢٣

بەیانی ژمارە (٦١ – ٦٢)ی ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی تەندروستی لا ٢٣

بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی تەندروستی لا ٢٣

ناونیشان: هەولێر - چواڕیانی فڕەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٧٧) الحادى والعشرون ٢٠ كانون الثاني ٢٠٢٢. ٣٠ بەفرانبار ٢٧٢١ک. ١٦ جماد الثاني ١٤٤٣ هـ.

277

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice

قانون رقم (١٥) لسنة ٢٠٢١ ص ٢٤

قانون تعديل تطبيق قانون التجارة العراقي رقم (٣٠) لسنة ١٩٨٤ في إقليم كوردستان

قانون رقم (١٦) لسنة ٢٠٢١ ص ٢٦

قانون إنتاج واستيراد البذور والشتلات وتسجيل واعتماد وحماية الأصناف الزراعية في إقليم كوردستان

قانون رقم (١٧) لسنة ٢٠٢١ ص ٣٢

قانون التعديل الأول لقانون المفقودين في حملات الإبادة الجماعية لشعب كوردستان العراق رقم (٣) لسنة ١٩٩٩

فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط

تعليمات رقم (٩) لسنة ٢٠٢١ وزارة الداخلية ص ١١

قرار رقم (١) لسنة ٢٠٢٢ وزارة الكهرباء ص ١٩

بيان رقم (١- ٢) لسنة ٢٠٢٢ وزارة الداخلية ص ١٩

بيان رقم (١) لسنة ٢٠٢١ وزارة العدل ص ٢٣

بيان رقم (٦١ - ٦٢) لسنة ٢٠٢١ وزارة الصحة ص ٢٣

بيان رقم (١) لسنة ٢٠٢٢ وزارة الصحة ص ٢٣

No.: 277 Date: December 20, 2021 Vol.: 21

چاپخانەی شەهاب - هەولێر ٠٧٥٠ ٤٤٨ ٣٨٦٣

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

کۆماری عێراق
هەرێمی کوردستان
سەرۆک

بڕیار
ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠٢٢

بەپێی ئەو دەســەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاســای ســەرۆکایەتیی هەرێمی کوردســتان ژمارە (١)ی ســاڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو و پاڵپشــت بە یاســاکاریی پەرلەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٦)ی رۆژی ٢٠٢١/١١/٩ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٢١
یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای بازرگانی عێراقی ژمارە (٣٠)ی ساڵی ١٩٨٤
لە هەرێمی کوردستان – عێراق

ماددەی(١):

ماددەی (٢٤)ی یاســاکە هەمواری پیادەکردنی دەکرێت، و بڕگەیەکی بە زنجیرەی (یەکەم) بۆ زیاد دەکرێــت، و بەو پێیە زنجیرەی بڕگەکــانی دوا تر ڕێکــەخرێتەوە و بەم شــێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

یەکەم:

١- وەزارەتی بازرگانی و پیشــەســازی لە هەرێمی کوردســتان- عێراق، لایەنی تایبەتمەند دەبێت بە تۆمارکردنی ناوی بازرگانی و ڕێکخستنی تۆمارنامەی بازرگانی.

٢- ئەنجوومەنی وەزیران ئەرکی پێکهاتەکانی وەزارەت، لە ڕووی ڕێکخســتنی تۆمارنامەی بازرگانی و پێدانی ناوی بازرگانی، بە پەیڕەوێک ڕێکدەخات کە بۆ ئەم مەبەستە دەریدەکات.

ماددەی(٢):

دەقی بڕگەی (**یەکەم**) لە ماددە (**٢٥**)ی یاســاکە هەمواری پیادەکردنی دەکرێت، و بەم شــێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

یەکەم: پێویســتە تۆمارکاری ناوە بازرگانییەکان ناوی بازرگانی تۆمارکات، بەمەرجێك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە گونجاوبێت، و ڕەتی بکاتەوە ئەگەر پێچەوانەی بێت، هەروەها پێویستە لەهەردوو بــاری تۆمــارکردن و ڕەتکردنەوەدا، بڕیــارەکەی لە بڵاوکراوەی تــایبەت بە نــاوە بازرگانییەکان، کە بۆ ئەم مەبەستە دەریدەکات، بڵاوبکاتەوە.

ماددەی (٣):

ماددەی (٢٦)ی یاساکە هەمواری پیادەکردنی دەکرێت، و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
وەزارەتی بازرگانی و پیشــەســازی لە هەرێمی کوردســتان - عێراق ئەرکەکانی هاتوو لەم یاســایە، پەیوەست بە تۆمارکردنی ناوە بازرگانییەکان و تۆمارنامەی بازرگانی دەگرێتە ئەستۆ.

ماددەی (٤):

دەستەواژەکانی (ژووری بازرگانی و پیشەسازییەکان) و (یەکێتی گشتی ژووری بازرگانی و پیشەسازییە عێراقییەکان) و (ژووری بازرگانی و پیشەسازی تایبەتمەند) کە لە ماددەکانی (٢٧، ٢٩، ٣١، ٣٢) و بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٣٦)ی یاساکە هاتوون، دەگۆڕدرێن بە دەستەواژەی (وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان – عێراق)

ماددەی (٥):

ڕەسمی تایبەت بە تۆمارکردنی ناوە بازرگانییەکان و تۆمارکردن لە تۆمارنامەی بازرگانی و هەموو بابەتەکانی پەیوەندیدار پێیەوە بە ڕێنمایی دیاریدەکرێت، کە وەزیری بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان – عێراق، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان – عێراق دەریدەکات.

ماددەی (٦):

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی (٧):

کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

ماددەی (٨):

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

هۆیەکانی دەرچواندن

بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی تۆمارنامەی بازرگانی و تۆمارکردنی ناوە بازرگانییەکان و ڕاسپاردنی بە لایەنێکی فەرمی کە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیە لە هەرێمی کوردستان – عێراق، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان

کۆماری عێراق
هەرێمی کوردستان
سەرۆک

بڕیار
ژمـارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢

بەپێی ئەو دەسـەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسـای سـەرۆکایەتیی هەرێمی کوردسـتان ژمارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو و پاڵپشـت بە یاسـاکاریی پەرلەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٦)ی رۆژی ٢٠٢١/١١/٩ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٢١
یاسای بەرهەمهێنان و هاوردەکردنی بنەتۆ و شەتڵ، و تۆمارکردن، پەسەندکردن و پارێزگاریکردن لە تەرزە کشتوکاڵییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق

ماددەی (١):

بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسـایە، ئەم زاراوە و دەسـتەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنن:

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

دووەم: وەزارەت: وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم.

سێیەم: وەزیر: وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم.

چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی توێژینەوە و ڕێنوێنی کشتوکاڵی لە وەزارەت.

پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵ: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگاکان.

شەشەم: بەڕێوەبەرایەتی: بەڕێوەبەرایەتی بەرهەمهێنان و پە سەندکردنی بنەتۆ لە بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی توێژینەوە و ڕێنوێنی کشتوکاڵی.

حەوتەم: بنەتۆ: ئەو بەشـەیە کە بۆ زیادبوونی ڕووەک بەکاردێت وەک بنەتۆی گەنم، جۆ، نیسـک، پیاز، براڵە، پەتاتە و هەر جۆرێکی تر.

هەشـتەم: پلە: مەبەسـت لێی پلەی بنەتۆیە کە بەپێی خەسـڵەتی هونەری و خاوێنی بۆماوەیی دیاریدەکرێت.

نۆیەم: تۆوی بەخێوکەر: ئەو تۆوەیە کە بە بڕێکی زۆرکەم، لەژێر سەرپەرشتی و چاودێری ڕاستەوخۆی بەخێوکەری ڕووەک لە بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەکان یان زانکۆکان، بەرهەم دەهێندرێت.

دەیەم: تۆوی بنەڕەتی: ئەو تۆوەیە کە لە تۆوی بەخێوکەر لە ڕێگەی توێژینەوە کشـتوکاڵییەکان یان لەلایەن کۆمپانیای تایبەتمەند لە بواری کشـتوکاڵی بەرهەم دەهێنرێت، و لە ڕووی بۆماوەیی بەرزترین ئاستی خاوێنی هەیە بەراورد بە تۆوی تۆمارکراو و باوەڕپێکراو.

یازدەیەم: تۆوی تۆمارکراو: ئەو تۆوەیە کە لە چاندنی تۆوی بنەڕەت یان تۆوی تۆمارکراوی دیکە، لە ڕێگەی تویژینەوە کشتوکاڵییەکان یان لەلایەن جووتیاری نمونەیی بەرهەم دەهێنرێت، و ئاستی خاوێنی لە ڕووی خەسڵەتی بۆماوەیی بەرزە.

دوازدەیەم: تەرز: کۆمەڵێک ڕووەکی خاوێنی لەیەکچووە لە ڕووی بۆماوەییەوە، و بە خەسڵەتی دیاریکراو لە تەرزەکانی تری هەمان جۆری ڕووەک، جیادەکرێتەوە.

سێزدەیەم: شەتڵ: ڕووەکی گۆڕاو یان هەمیشەییە کە لە نەمامگەکان دەچێندرێت و زیاد دەبێت، بۆ مەبەستی بازرگانی و دەستا و دەست کردنی لە چالاکی کشتوکاڵیدا.

چواردەیەم: تۆوی باوەڕپێکراو: ئەو تۆوەیە کە لە تۆوی بنەڕەت یان تۆوی تۆمارکراو یان تۆوی پەسەندکراوی دیکە، لەلایەن جووتیاری نموونەیی بەرهەم دەهێنرێت، و خەسڵەتی بۆماوەیی هاوشێوەی تەرزی چاندراوی تێدا بەدیدەکرێت.

پازدەیەم: ڕێبەری تەرزە کشتوکاڵییەکان: لیستی ناوی تەرزە کشتوکاڵییە پەسەندکراوەکانە کە لە لێژنەی نیشتمانی بۆ تۆمارکردن و پەسەندکردن و پارێزگاریکردن لە تەرزە کشتوکاڵییەکان دەردەچێت.

شازدەیەم: ئیستا (ISTA): ڕێکخراوێکی سەربەخۆی قازانج نەویستە، تایبەتە بە بواری کشتوکاڵی، و گرنگی بە بەرەوپێشبردنی بواری بنەتۆ دەدات ، و ساڵانە پەیڕەو و ڕێنمایی نوێ لەم بوارەدا، دەردەکات.

حەڤدەیەم: کۆمپانیا: کۆمپانیای دامەزراو بە پێی یا سا بەرکارەکان، کە پێویستە مۆڵەتی بەرهەمهێنانی بنەتۆ یان هاوردەکردنی یان هەردووکیانی هەبێت.

هەژدەیەم: لیژنەی باڵا: لیژنەیەکی تایبەتە بە تۆمارکردن، پەسەندکردن و پارێزگاریکردن لە تەرزە کشتوکاڵییەکان و پەرەپێدان، زیادکردن و دابەشکردنی بنەتۆی گونجاو لە هەرێمی کوردستان و عێراق و بارەگاکەی لە هەولێرە.

ماددەی (٢):

بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، بەرهەمهێنانی بنەتۆ و شەتڵ ، و ڕێکارەکانی، لە ڕێگای مۆڵەتی فەرمی دەبێت.

ماددەی (٣):

مەرجەکانی بەدەستهێنانی مۆڵەتی فەرمی بەرهەمهێنانی بنەتۆ و شەتڵ و ڕێکارەکانی:

یەکەم: پێشکەشکردنی داواکاریەک بۆ بەڕێوەبەرایەتی بە مەبەستی وەرگرتنی مۆڵەتی بەرهەمهێنانی بنەتۆ و شەتڵ.

دووەم: داواکاریەکە ئەمانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

١- ناو و ناونیشانی بەرهەمهێن.

٢- شوێنی کێلگە.
٣- جۆر و تەرز و پلەی بنەتۆ و شەتڵ.

سێیەم: پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی خاوەندارێتی یان مافی هەڵسوکەوتپێکردن یان بە کرێگرتنی زەوییەکە.

چوارەم: پێویستە بەڕێوەبەرایەتی داواکاری کۆمپانیا بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرزبکاتەوە، بەمەبەستی پێدانی مۆڵەت.

پێنجەم: پێویستە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بڕیار بدات بە پەسەندکردنی یان پەسەندنەکردنی داواکاریەکە لە ماوەی (٣٠) سێ ڕۆژ لە ڕێکەوتی وەرگرتنی داواکاریەکە، و لە ئەگەری وەڵام نەدانەوە لە ماوەی دیاریکراودا، داواکاریەکە بە پەسەندکراو ئەژمار دەکرێت.

شەشەم: ئەگەر داواکارییەکە پەسەند نەکرا دەبێت هۆیەکەی ڕوونبکرێتەوە، و داواکار بۆی هەیە لەماوەی (١٥) ڕۆژ تانە لە بڕیاری پەسەند نەکردن پێشکەش بە وەزیر بکات، و پێویستە وەزیریش لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ وەڵامی تانەکە بداتەوە، و لە ئەگەری وەڵام نەدانەوە تانەکە بە یەکلاکەرەوە لە بەرژەوەندی تانەلێدەر ئەژمار دەکرێت.

حەوتەم: داواکار دەبێت بڕی(٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار دینار بەرامبەر مۆڵەتی بەرهەمهێنانی بنەتۆ و شەتڵ بدات

ماددەی (٤):

یەکەم: ئەو بنەتۆیەی داواکار بە نیازە بەرهەمی بهێنێت، پێویستە لە لیژنەی باڵا تۆمار و پەسەندکراو بێت.

دووەم: ڕێگە نادرێت بە بەرهەمهێنانی زیاتر لە یەک تەرزی کشتوکاڵی بۆ یەک جۆری بەرهەم لە یەک کێڵگە.

سێیەم: ئەو کێڵگەیەی بۆ بەرهەمهێنانی بنەتۆی تەرزێکی دیارکراو بەکاردێت، بە هیچ شێوەیەک نابێت بە تەرزێکی تر، لەهەمان جۆر، لە ساڵی پێشوودا چاندرابێت.

ماددەی (٥): پێویستە زەوی تەرخانکراو بۆ بەرهەمهێنانی بنەتۆ ئەم مەرج و خەسڵەتانەی هەبێت:

یەکەم: زەویەکە یان کێڵگەکە لە ڕووی هەڵکەوتەی جوگرافی، کەش و هەوا، جۆری خاک و ڕووبەری کێڵگە گونجاو بێت، بە پێی جۆر و تەرزی بنەتۆیەکە.

دووەم: زەویەکە سەرچاوەی ئاوی پێویست و بەردەوامی هەبێت بە تایبەت ئەو شوێنانەی کە ڕێژەی باران بارینیان کەمە.

سێیەم: دووری نێوان کێڵگەکانی بەرهەمهێنانی بنەتۆ بۆ ئەو بەروبومانەی کە (پیتانی تێکەڵاون) (٢٥٠م) دوو سەد و پەنجا مەتر و بۆ ئەو بەروبومانەی کە (پیتانی خودین) (١٥٠م) سەد و پەنجا مەتر بێت.

ماددەی (٦):

بەرهەمهێنەری بنەتۆ پابەندی ئەم ڕێکارانەی خوارەوە دەبێت:

یەکەم: خاوێنکردنەوە و دەرمانکردنی بنەتۆی بەرهەمهاتوو تەنها لەو کارگانە ئەنجام دەدرێت کە مۆڵەتی دامەزراندیان هەیە.

دووەم: لە قووتونان یان داگرتنی بنەتۆی بەرهەمهاتوو لە گوشی تایبەت، بە پێی ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتی.

سێیەم: دەبێت کێشی قووتوەکان و گوشەکان یەکسان بێت و هەموو زانیاریەکانی تایبەت بە بنەتۆیەکەی لەسەر نووسرابێت.

چوارەم: دەبێت بەرهەمهێنەری بنەتۆ کۆگای تایبەت بە پاراستنی بنەتۆی هەبێت بەپێی پێویستی جۆری بنەتۆیەکە.

ماددەی (٧):

ئەرک و دەسەلاتەکانی بەڕێوەبەرایەتی بریتین لە:

یەکەم: دیارکردنی پلەی بنەتۆی بەرهەمهاتوو لەلایەن بەرهەمهێنەری بنەتۆ و لێدانی لێبڵی تایبەت.

دووەم: پشکنینی کێڵگەکانی بەرهەمهێنانی بنەتۆ، وپشکنینی تاقیگەیی بۆ بنەتۆی بەرهەمهاتوو.

سێیەم: ڕەتکردنەوەی بنەتۆ و باوەڕپێنەکردنی ئەگەر هاتوو مەرجەکان جێبەجێنەکرابوون.

چوارەم: پشکنەری کێڵگەیی دەبێت ڕەچاوی لەیەکچوونی جۆر و تەرزی چاندراو و بەرهەمهاتوو بکات .

ماددەی (٨):

یەکەم: پێویستە لەسەر کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت، مۆڵەتی هاوردەکردنی بنەتۆ و شەتڵ بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بەدەستبێنن.

دووەم: بە مەبەستی هاوردەکردنی بنەتۆ یان شەتڵ داواکاری پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی دەکرێت و ئەم پێداویسیانەی خوارەوەشی لە گەڵدادەبێت.

١- ناو و ناونیشانی کۆمپانیا.

٢- بەڵگەنامەی دەستەبەریی لە یەکێک لە بانکەکان بۆ بەرژەوەندی وەزارەت بە بڕی (٢٠،٠٠٠،٠٠٠) بیست ملیۆن دینار.

٣- بڕوانامەی دامەزراندن بۆ کۆمپانیا ناوخۆییەکان و تۆمارکردن بۆ ئەو کۆمپانیایانەی کە لە پارێزگاکانی دیکەی عێراقن یان لقی کۆمپانیای بیانین لە هەرێم.

٤- ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی کۆمپانیاکان.

٥- گرێبەستی نێوان خۆی و کۆمپانیا یان دەزگای ڕەسەنی بەرهەمهێنی بنەتۆ و شەتڵ.

٦- هەموو داتایەکی زانستی و هونەری باوەڕپێکراو لەسەر کۆمپانیا یان دەزگای بەرهەمهێن.

ســـێیەم: دوای دڵنیابوون لە مامەڵەی کۆمپانیا دەبێت داواکاریەکە بەرز بکرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

چوارەم: پێویستە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بڕیاربدات بە پەسەندکردن یان پەسەندنەکردنی داواکاریەکە لە مـاوەی (٣٠) ســـی ڕۆژ لە ڕێکەوتی وەرگرتنی داواکـاریەکە، و لە ئەگەری وەڵام نەدانەوە داواکاریەکە بە پەسەندکراو ئەژمار دەکرێت.

پێنجەم: ئەگەر داواکارییەکە پەسـەندنەکرا پێویسـتە هۆیەکەی ڕوون بکرێتەوە، داواکار بۆی هەیە تانە لە بڕیاری پەســـەندنەکردن بدات لەلای وەزیر، لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ، و پێویســـتە وەزیریش لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ وەڵامی تانەکە بداتەوە، و لە ئەگەری وەڵام نەدانەوە، تانەکە بە یەکلاکەرەوە لە بەرژەوەندی تانە لێدەرئەژمار دەکرێت.

شـــەشـــەم: داواکار دەبێت بڕی (٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار دینار بدات بەرامبەر مۆڵەتی هاوردەکردنی بنەتۆ و شەتڵ.

ماددەی (٩):

پێویستە بنەتۆ و شەتڵی هاوردەکراو ئەم بەڵگەنامانەی لە گەڵدابێت:

یەکەم: بڕوانامەی سەرچاوە.

دووەم: بڕوانامەی سەلامەتی تەندروستی بنەتۆ و شەتڵ.

سێیەم: بڕوانامەی پشکنینی باوەڕپێکردنی ووڵاتی سەرچاوە، بەمەرجێک ڕێکەوتی پشکنین (٣) سێ مانگ بۆ بنەتۆی بەروبومی کێلگەیی، و (٦) شەش مانگ بۆ بنەتۆی دارستان و پاوان لە ڕێکەوتی هاتنەناوەوەی لە مەرزی سنوریی پەیوەندیدار تێپەڕنەکات.

چوارەم: بڕوانامەی ســـەلامەتی و پشـــکنین بە پێی خەســـڵەتەکانی (ئیســـتا ISTA)، بەمەرجێك لە تاقیگەیەکی باوەڕپێکراو لەلایەن (ئیستا ISTA)وە دەرچووبێت.

ماددەی (١٠):

یەکەم: وەزارەت مەرزی سنووریی بۆ مەبەستی هاوردەکردن دیاریدەکات.

دووەم: گواســتنەوەی بنەتۆ و شــەتڵ لە نێوان هەرێمی کوردســتان و پارێزگاکانی تری عێراقدا، دەبێت نووسراوی لارینەبوونی وەزارەت و ئەو لایەنەی لەگەڵ بێت کە بۆی دەگوازرێتەوە.

سێیەم: بەڕێوەبەرایەتی بەرپرسە لە پشکنینی بنەتۆ و شەتڵی هاوردەکراو لە کاتی گەیشتنیدا.

چوارەم: هـاوردەکردنی بنەتۆی گەنم و جۆ، هەفتەیەک دوای کۆتـایی هـاتنی بە بـازاڕکردنی گەنم لە سایلۆکان دەست پێدەکات و تا کۆتایی مانگی کانونی یەکەم ڕێگە بە هاوردەکردن دەدرێت.

ماددەی (١١):

ســـەنتەری توێژینەوە کشـــتوکاڵییەکان و زانکۆکان بۆیان هەیە بنەتۆی پەســـەندنەکراو هاوردەبکەن، تەنها بۆ مەبەستی توێژینەوە و بە ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

ماددەی (١٢):

یەکەم: لیژنەی باڵای تۆمارکردن، پەسەندکردن و پارێزگاریکردن لە تەرزە کشتوکاڵییەکان لە وەزارەت بە سەرۆکایەتی وەزیری کشتوکاڵ و ئەندامێتی ژمارەیەک شارەزا لە بواری جیاجیاکان پێکدەهێنرێت، بە مەرجێک لە (١٢) دوانزە ئەندام زیاتر نەبێت، بۆ مەبەستی تۆمارکردن، پەسەندکردن و پارێزگاریکردن لە تەرزە کشتوکاڵییە بەرهەم هاتووەکان.

دووەم: لیژنە هەڵدە ستێت بە تۆمارکردن، پە سەندکردن و پارێزگاریکردن لە تەرزە کشتوکاڵییە بەرهەم هاتووەکان، و پەرەپێدانی بنەتۆی گونجاو و چۆنیەتی زیادکردن، دابەشکردن و وەرگرتنەوەی.

سێیەم: ماوەی پارێزبەندی لەسەر تەرز یان بنەچە یان لێکدراو تەنها (١٠) دە ساڵە، و لە بەرواری پێشکەشکردنی داواکاری تۆمارکردن دەست پێدەکات، جگە لە تەرزی درەختەکان کە ماوەی پارێزبەندیان (٢٠) بیست ساڵە.

ماددەی (١٣):

یەکەم: بە پێبژاردنێک کە لە (٥،٠٠٠،٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (١٠،٠٠٠،٠٠٠) دە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، یان بە بەندکردن بۆ ماوەیەك کە لە (٣) سێ مانگ کەمتر نەبێت و لە (١) یەک ساڵ زیاتر نەبێت، یان بە هەردووکیان سزادەدرێت، هەرکەسێك یەکێک لەم سەرپێچیانەی خوارەوە ئەنجام بدات:

١- بەرهەمهێنان یان هاوردەکردنی بنەتۆ و شەتڵ بەبێ بوونی مۆڵەت.

٢- هاوردەکردنی بنەتۆ و شەتڵ بە پێچەوانەی مەرجەکانی هاوردەکردن.

٣- پێدانی نموونە و زانیاریی هەڵە کە هاوتا نەبێت لەگەڵ بنەتۆ و شەتڵی هاوردەکراو.

٤- ئاستەنگ دروستکردن بۆ پشکنەری بنەتۆ.

٥- بەرهەمهێنان و فرۆشتنی بنەتۆ بێ ئەوەی پشکنینی تاقیگەیی بۆ کرابێت.

دووەم: سەرەڕای حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە، تێچووی چارەسەرکردن یان لە ناوبردنی بنەتۆی هاوردەکراو یان بەرهەمهاتوو دەکەوێتە ئەستۆی سەرپێچیکار، و مووڵەتی بەرهەمهێنان و هاوردەکردنی هەڵدەوشێتەوە.

ماددەی (١٤):

یەکەم: لیژنەیەک لە وەزارەت پێکدەهێندرێت، بە مەبەستی پێشنیارکردن بۆ وەزیر بۆ هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی بەرهەمهێنان یان هاوردەکردنی بنەتۆ و شەتڵ لەم بارانەی خوارەوەدا:

١- ئەگەر بەرهەمهێن یان هاوردەکاری بنەتۆ و شەتڵ یەکێک لەو سەرپێچییانەی ئەنجامدا کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٣)ی ئەم یاسایەدا هاتوون.

٢- ئەگەر بەرهەمهێنی بنەتۆ و شەتڵ بەبێ ڕەزامەندی وەزیر دەستبەرداری پروژەکەی ببێت.

٣- ئەگەر بەرهەمهێنی بنەتۆ و شەتڵ دەستبەرداری کێڵگەکەی بێت.

٤- بەسەرچونی گرێبەستی بەکرێگرتنی زەویەکەی.

٥- ئەگەر بەرهەمهێنی بنەتۆ و شــەتڵ بەردەوام نەبوو لە جێبەجێکردنی گشــت مەرج و ڕێنماییەکانی وەزارەت.

دووەم: ئەرک و پێکهاتەی لیژنەکە بە ڕێنمایی لەلایەن وەزیرەوە دیاریدەکرێت.

ماددەی (١٥):

وەزیر ڕێنمایی بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

ماددەی (١٦):

پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی (١٧):

کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێت.

ماددەی (١٨):

ئەم یاســـایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردســـتان)دا، جێبەجێ دەکرێت.

هۆیەکانی دەرچواندن

لە پێناو ڕێکخســـتنی بەرهەمهێنان و هاوردەکردنی بنەتو و شـــەتڵ، و هاندانی کەرتی تایبەت لەم بوارەدا، و بە مەبەســـتی تۆمارکردن و پەســـەندکردن و پارێزگاریکردن لە تەرزە کشـــتوکاڵییە بەرهەمهاتووەکان، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان

کۆماری عێراق
هەرێمی کوردستان
سەرۆک

بڕیاری ژمــارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢

بەپێی ئەو دەســەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاســای ســەرۆکایەتیی هەرێمی کوردســتان ژمارە (١)ی ســاڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو و پاڵپشــت بە یاســاکاریی پەرلەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٧)ی رۆژی ٢٠٢١/١١/٢٣ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢١

یاسای هەمواری یەکەمی یاسای بزربووەکان لە هەڵمەتەکانی لەناوبردنی بەکۆمەڵی گەلی کوردستانی عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٩

ماددەی (١)

بڕگەیەک بە زنجیرەی (٦) بۆ ماددەی (یەکەم)ی یاســاکە زیاد دەکرێت و بەم شــێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

٦- ئەو کەســانەی لە هەرێمی کوردســتان و ناوچە کوردســتانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردســتان لە ئەنجامی هەڵمەتەکانی تاوانی کۆمەڵکوژی (جینۆســاید) و دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ، ئەنجامدراو لەلایەن رێکخراوی تیرۆرستی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام نا سراو بە (داعش) بزربوون، رێکەوتی ٢٠١٤/٨/٣ بە مێژووی جاردانی بزربوونیان دادەنرێت، و گەڕان بەدوای چارەنووسیان لە ڕووی هۆیەکانی و کات و مەبەستەکەی بە تێپەڕبوونی (٤) چوار ساڵ بەسەر بزربوونیاندا کۆتایی هاتووە.

ماددەی (٢) : پێویســتە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان، حوکمەکانی ئەم یاســایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی (٣): کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێت.

ماددەی (٤): ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

هۆیەکانی دەرچواندن

بەمەبەســتی چارەســەرکردنی ئەو گرفتە یاســاییانەی ڕووبەرووی کەســوکاری قوربانیانی گەلی کوردســتان و بەســەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان بونەتەوە، لە ئەنجامی ئەو تاوانانەی کە رێکخراوی تیرۆرستی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە (داعش) ئەنجامیداون، ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی ناوخۆ
ژمارە : ٢٥٥٠٠ لە ٢٠٢١/١٢/١٥

ڕێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢١
ڕێنمایی پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەران و دانانیان لە پایەکان

ماددەی(١): مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ئەو مانایانەی کە بەرامبەریان دیاری کراوە:-

١- **هەرێم**: هەرێمی کوردستان - عێراق

٢- **وەزارەت**: وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٣- **ئەفسەر**: پیاوی پۆلیس لە پلەی ملازم بەرەو سەرەوە.

٤- **هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ**: ئەفسەرو کارمەندان لەسەر میلاکی بەرێوبەرایەتییە گشتیەکانی پۆلیس، هاتووچۆ، ڕەگەز نامە، بەرەنگاربوونەوەی تو ندوتیژی دژی ئافرە تان و خێزان، دیوانی وەزارەتی ناوخۆ و بەرێوەبەرایەتی گشتی ناوخۆ و فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی ، فەرماندەیی پێشمەرگەی بەرگری و فریاکەوتن، بەرێوەبەرایەتی کاروباری پاراستنی دام و دەزگا نەوتییەکان.

٥- **لیژنەی باڵا**: لیژنەی باڵای پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەران لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ.

٦- **فۆرمی هەڵسەنگاندن**: فۆرمێکی تایبەتە بە هەڵسەنگاندنی ئەفسەر لە ڕووی تواناکانی کارکردن، تەندروستی جەستەیی کە لە پاشکۆی ئەم ڕێنماییە لێکێنراوە.

٧- **پەیمانگا**: پەیمانگای پەرەپێدانی ئەمنی و کارگێری وتەکنەلۆجیای زانیاری لەدیوانی وەزارەتی ناوخۆ.

ماددەی(٢):

مەبەست لە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە ڕێکخستنی پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەرانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگای پەیڕەوکردنی سیستەمێکی هەڵسەنگاندنی ستاندارد کە لە سەر بنەماێیکی زانستی بنیاد نراوە بە شێوەیك ئەفسەر بگاتە ئاستێك کە شایستەی پلە بەرزکردنەوە بێت وە زیاتر بتوانێت خزمەتی هاوواڵتیان بکات لە سەر بنەماێیکی پیشەیی تەندروست.

مەرجە گشتیەکانی پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەران

ماددەی(٣): بۆ پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەر لە پلەیەك بۆ پلەیێکی بەرزتر پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێت:-

١-پێویستە لەو پلەیەی کە تێدایە ئەو ماوەیەی کە لە خوارەوە دیاری کراوە بەپێی ماددەی (٩) لە یاسای ڕاژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨) ساڵی ٢٠١١ی تەواو کردبێت :-

ژ	پلە	ساڵ
١	ملازمی دوو بۆ ملازمی یەك	٣ ساڵ
٢	ملازمی یەك بۆ نقیب	٣ ساڵ
٣	نقیب بۆ رائد	٤ ساڵ
٤	رائد بۆ مقدم	٤ ساڵ
٥	مقدم بۆ عقید	٤ ساڵ
٦	عقید بۆ عمید	٤ ساڵ
٧	عمید بۆ لیوا	٦ ساڵ
٨	لیوا بۆ فریق	٦ ساڵ

٢- پێویستە لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن کە لە فۆرمی پاشکۆی ئەم ڕێنماییە دیاری کراوە تێپەڕێت.

٣- پێویستە ئەفسەر لە پلەی (ملازم تا رائد) لە تاقیکردنەوەی پلەبەرزکردنەوەی ئەفسەران کە بەشێوەی ئەلیکترۆنی ئەنجام دەدرێت دەربچێت.

٤- پێویستە ئەفسەر لە پلەی (مقدم تا لیوا) تۆژینەوەیەکی زانستی لە بواری کاری خۆیدا ئەنجام بدات، کە وەك پێوەرێك بۆ لێهاتوویی (الکفاءة) بەپێی بڕگەی دووەم لە ماددەی (١٠) لە یاسای ڕاژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١ دیاری کراوە.

٥- پێویستە لە ڕووی جەستەییەوە گونجاو بێت بە تایبەتی کێشی ئەفسەر کە دەبێت بەپێی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە بێت.

أ	لە پلەی ملازم بۆ مقدم : درێژی بە سانتیمەتر – ١٠٠ =	+ (١٠) کیلۆ=
ب	لە پلەی عقید تا لیوا : درێژی بە سانتیمەتر – ١٠٠ =	+ (١٥) کیلۆ=

٦- پێویستە لە پشکنینی چاو بە (چاویلکە و بێ چاویلکە) دەربچێت.

مەرجە تایبەتیەکانی پلە بەرزکردنەوە

ماددەی(٤):

یەکەم : پلەی (لیوا بۆ فریق):

١- دەرچووی کۆلێژی پۆلیس یان کۆلێژی سەربازی بێت یان بکالۆریوسی هەبێت.

٢- تەنها وەزیری ناوخۆ پلەی بەرزدەکرێت بۆ فەریق ئەگەر ئەفسەر بێت.

٣- پێویستە (٣) ساڵ توێژینەوەی زانستی لە بواری کاری خۆیدا نووسیبێت و ماوەی نێوان هەر توێژینەوەیەك سالێك کەمتر نەبێت و لە هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکان سەرکەتوو بێت.

دووەم: پلەی (عمید بۆ لیوا):

١- دەرچووی کۆلێژی پۆلیس یان کۆلێژی سەربازی بێت یان بکالۆریوسی هەبێت.

٢- ئەم پۆستانە دەیانگرێتەوە:
أ. بەرێوەبەری گشتی.
ب. سەرۆکی دەستەی پشکنین.
ت. سەرۆکی دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.
پ. سەرۆك یان ئەندامی دادگای پێداچوونەوەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.
ج. سەرۆکی داواکاری گشتی.
٣- پێویستە (٢) دوو توێژینەوەی زانستی لە بواری کاری خۆیدا نووسیبێت و ماوەی نێوان هەر توێژینەوەیەك سالێك کەمتر نەبێت و لە هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکان سەرکەتوو بێت.

سێیەم : پلەی (عقید بۆ عمید):

١- دەرچووی کۆلێژی پۆلیس یان کۆلێژی سەربازی بێت یان دەرچووی ئامادەیی بێت بە گشت بەشەکان بە مەرجێك دەرچووی خولی ئەفسەرانی بااڵ بێت.
٢- پێویستە پۆستی بەرێوەبەر بێت لە بەرێوەبەرایەتیەکانی (پۆلیس، هاتووچۆ، بەرگری شارستانی، پۆلیسی کارەبا، پۆلیسی دارستان و ژینگە، تۆندوتیژی، نشینگە، ڕەگەزنامە، کارتی نیشتمانی، پاسپۆرت، کارتی زانیاری) لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، یان بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی بێت لە بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکان، ئەندام یان داواکاری گشتی بێت لە دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ، یان پشکنەر بێت لە دەستەی پشکنین، یان بەرێوەبەری کاروباری ناوخۆ لە پارێزگاکان یان ئیدارە سەربەخۆکان بێت .

چوارەم : پلەی (مقدم بۆ عقید):

١- دەرچووی کۆلێژی پۆلیس یان کۆلێژی سەربازی بێت یان دەرچووی ئامادەیی بێت بە گشت بەشەکان بە مەرجێك دەرچووی خولی ئەفسەرانی بااڵ بێت.
٢- بەرێوەبەری بەش یان ئەفسەری هۆبە بێت.

پێنجەم : پلەی (رائد بۆ مقدم):

١- دەرچووی کۆلێژی پۆلیس یان کۆلێژی سەربازی بێت یان دەرچووی ئامادەیی بێت بە گشت بەشەکان بە مەرجێك دەرچووی خولی ئەفسەرانی بااڵ بێت.
٢- ئەفسەری هۆبە بێت.

شەشەم : پلەی (نقیب بۆ رائد):

دەرچووی کۆلێژی پۆلیس یان کۆلێژی سەربازی بێت یان دەرچووی ئامادەیی بێت بە گشت بەشەکان بە مەرجێك دەرچووی خولی ئەفسەرانی بااڵ بێت.

حەوتەم : پلەی (ملازمی دوو بۆ ملازمی یەك و بۆ نقیب):

دەرچووی کۆلێژی پۆلیس یان کۆلێژی سەربازی بێت یان دەرچووی ئامادەیی بێت بە گشت بەشەکان بە مەرجێك دەرچووی خولی ئەفسەرانی بااڵ بێت.

تۆژینەوە و تاقیکردنەوەی پلە بەرزکردنەوە

ماددەی(٥):

یەکەم: تۆژینەوەی پلە بەرزکردنەوە :

١- تۆژینەوەی پلەبەرزکرنەوە بۆ ئەو ئەفسەرانەی کە دەیانگرێتەوە رەوانەی یەکێك لەو زانکۆیانەی کە ناویان لە بڕگەی (٣)ی ئەم ماددەیە دیاری کراون لە لایەن پەیمانگا بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی تۆژینەوەکانیان و ناردنی دەرئەنجامی هەڵسەنگاندنەکەیان بۆ بەڕێوەبەرایەتی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە لایەن پەیمانگا.

٢- پێویستە ئەفسەری تۆژەر لە ڕێگای زنجیرەی پێداچوونەوە (٤) مانگ پێش خشتەی پلەبەرزکردنەوە تۆژینەوەکەی ڕەوانە بکات بە مەبەستی ناردنی بۆ هەڵسەنگاندن، بە پێچەوانەوە مافی پلەبەرزکردنەوەی لەو خشتەیە دوا دەکەوێت بۆ خشتەی دواتر.

٣- تۆژینەوەی پلەبەرزکردنی ئەو ئەفسەران ڕەوانەی ئەم زانکۆیانەی خوارەوە دەکرێت :-

ژ	ناوی زانکۆ	ژ	ناوی زانکۆ
١	صلاح الدين	٦	سۆران
٢	دهۆك	٧	ڕاپەڕین
٣	سلێمانی	٨	گەرمیان
٤	هەڵەبجە	٩	زاخۆ
٥	کۆیە	١٠	چەرمو

٤- پێویستە تۆژینەوەی ئەفسەر (٧٠%) کەمتر بە دەست نەهێنێت لە هەڵسەنگاندنی زانکۆ.

٥- فۆرمێکی تایبەت بە هەڵسەنگاندنی تۆژینەوەی ئەفسەر لە لایەن پەیمانگا ڕێك دەخرێت وە هاوپێچی تۆژینەوەکە دەکرێت بە مەبەستی تۆمارکردنی دەرئەنجامەکانی هەڵسەنگاندن لەو فۆرمەدا لە لایەن زانکۆ.

٦- پێویستە پەیمانگا تۆژینەوەی پلەبەرزکردنەوەی ئەفسەران بە پۆستی نهێنی ڕەوانەی زانکۆ بکات دوای لابردنی ناوی تۆژەر وە هەر ئاماژەیەك بە تۆژەر لە ناو تۆژینەوەکەدا وە بە پۆستی نهێنی دەرئەنجامەکەی وەربگرێتەوە .

٧- بڕێك پارە وەك کرێ هەڵسەنگاندن بۆ ئەو مامۆستایە کە هەڵسەنگاندن بۆ تۆژینەوەکان دەکات خەرج دەکرێت بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆژینەوەی زانستی و وەزارەتی دارایی و ئابووری .

دووەم : مەرجەکانی تۆژینەوە:

١- تۆژینەوە نابێت لە (١٥) لاپەرەی(A٤) کەمتر بێت وە نابێت لە (٢٠) لاپەرە زیاتر بێت.

٢- تۆژینەوە بە زمانی کوردی یان عەرەبی یان ئینگلیزی بێت.

٣- قەبارەی نوسینی توێژینەوەکە بۆ مەتن (١٤) بێت و بۆ هەوامش(١٢) .
٤- توێژینەوە لە بواری کار کردنی ئەفسەری توێژەر بێت.
٥- پێویستە سەرچاوەی زانستی بەکاربێنێت وەك (پەرتووك ، گۆڤاری زانستی ، سایتی ئەلیکترۆنی).
٦- پێویستە توێژەر ئاماژە بە سەرچاوەکانی بکات بە راست و دروستی بەم شێوەی خوارەوە-:
أ. ناوی پەرتووك یان گۆڤاری زانستی ، ناوی نووسەر ، ژمارەی چاپ ، شوێنی چاپ کردن ، ساڵ ، لاپەرە.
ب.سەبارەت بە سەرچاوەی ئەلیکترۆنی پێویستە ئاماژە بە ناوی توێژینەوە ، ناوی نووسەر ، ناوی سایت بە تەواوی ، بەرواری دواین سەردانی سایتەکە بدرێت.
٧- هەر ئەفسەرێکی توێژەر رەچاوی ئەو مەرجانەی ئەم بڕگەیە نەکات لە لایەن پەیمانگا دەگەڕێنرێتەوە وە دەرفەتی (١٥) رۆژی پێ دەدرێت کەم و کوریەکانی چارەسەر بکات.

سێیەم: لیژنەیەکی زانستی لە پەیمانگا پێك دێت کە لە (٣) ئەفسەر یان فەرمانبەر کە هەڵگری بروانامەی (ماستەر) کەمتر نەبن پێداچوونەوە بە توێژینەوەکان دەکەن بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێ کردنی مەرجەکان لە لایەن ئەفسەری توێژەر .

تاقیکردنەوەی ئەلیکترۆنی پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەران

ماددەی(٦):

١- لیژنەیەکی زانستی پێك دێت بە سەرۆکایەتی ئەفسەرێك کە هەڵگری بروانامەی (دکتۆرا یان ماستەر) بێت و پلەی لە (عقید) کەمتر نەبێت بە ئەندامێتی (٤) ئەفسەر کە هەڵگری بروانامەی (دکتۆرا یان ماستەر) بن بۆ دیاری کردنی ئەو بابەتانەی کە پێویستن بۆ بەرزکردنەوەی توانای ئەفسەر و شیاندنیان بۆ پلەبەرزکردنەوە ، و دانان و پێداچوونەوە بە پرسیارەکانی تاقیکردنەوە.
٢- لیژنەی بڕگە (١)ی سەرەوە هەر (٦) مانگ جارێك کۆدەبێتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی بابەتەکانی تاقیکردنەوەکە و زیادکردن یان کەمکردنی بابەتەکان ، و هەڵسەنگاندنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە و زیادکردن یان کەم کردنی پرسیارەکان.
٣- سێ لیژنە پێك دێت بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەنجام دانی تاقیکردنەوەکان لە پارێزگاکانی (هەولێر و دهۆك و سلێمانی) کە لە (٥) ئەفسەر پێك دێت بە فەرمانێکی وەزاری و بۆ هەرخشتەیەکی پلەبەرزکردنەوە لیژنەکان دەگۆردرێن.

ماددەی(٧):

١- سیستەمێکی تاقیکردنەوەی ئەلیکترۆنی دادەمەزرێت لە بەرێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە سوود وەرگرتن لە سیستەمی ئەلیکترونی تاقیکردنەوەی تیۆری مۆڵەتی شوفێری.

٢- پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی پلەبەرزکردنەوەی ئەفسەران بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەبێت بە شێوازی هەڵبژاردن (اختیارات).
٣- گشت پرسیارەکان و وەڵامەکان دەخرێتە سەر سایتی وەزارەتی ناوخۆ بە مەبەستی سوود وەرگرتنی ئەفسەران لە پرسیارەکان.

ماددەی(٨):

١- بۆ هەر تاقیکردنەوەیەکی پلە بەرزکردنەوە ئەفسەر دەبێت وەڵامی (٥٠) پرسیار بداتەوە لە ماوەی یەك کاتژمێردا و هەر پرسیارێك لەسەر (٢) نمرە دەبێت.
٢- دەرچوونی ئەنجامی تاقیکردنەوەکان لە هەمان شوێنی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان بەشێوازێکی ئەلیکترۆنی دەبێت لەسەر شاشەیەکی تایبەت بڵاودەکرێتەوە و دواتر دەنێردرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە دیوانی وەزارەت.
٣- تاقیکردنەوەکە (٢) خولی دەبێت (خولی یەکەم /خولی دووەم) لە حاڵەتی دەرنەچوونی ئەفسەر دوای (٧) ڕۆژ دەچێتە خولی دووەم.
٤- ئەگەر ئەفسەر لە هەر (٢) خولی تاقیکردنەوە دەرنەچێت ئەوا بە سەرنەکەوتوو دادەندرێت و بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ پلە بەرزکردنەوەی دوا دەکەوێت.
٥- کونمرەی دەرچوون لە تاقیکردنەوە (٧٠%) دەبێت .

دانانی ئەفسەر لە پایەکان

ماددەی(٩):

١- پلەی (لیوا) بەپێی ئەو مەرجانەی کە لەم ڕێنماییە دیاری کراوە دەبێت.
٢- پلەی (عمید) دەبێت لە پایەی بەڕێوبەری یەکێك لە بەڕێوبەرایەتیەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ یان بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی یان ئەندام یان داواکاری گشتی لە دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ یان پشکنەر لە دەستەی پشکنین بێت.
٣- پلەی (عقید) دەبێت لە پایەی بەڕێوەبەری بەش بێت لە یەکێك لە بەڕێوبەرایەتیەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.
٤- پلەی (مقدم) دەبێت لە پایەی بەڕێوەبەری بەش یان ئەفسەری هۆبە بێت لە یەکێك لە بەڕێوبەرایەتیەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ یان ئەفسەری بنکە یان نوسینگە بێت.
٥- پلەی (رائد) دەبێت لە پایەی ئەفسەری هۆبە بێت لە یەکێك لە بەڕێوبەرایەتیەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ یان لە یەکێك لە بەڕێوبەرایەتیە گشتیەکانی وەزارەتی ناوخۆ یان ئەفسەری بنکە یان نوسینگە بێت.

